# گفتوگۆی پەیامنێرێک

((1))

هەورامان محەمەد

– ئەلو

+ بەڵێ فەرموو

– جەنابی وەزیر لەوێیە ؟

+ فەرموون خۆی لەگەڵتاندایە

– ئەم کاتەت باش قوربان

+ هەموو کاتێکتان باش

– قوربان ببورن کاتتان دەگرین .. ئێمە لە راگەیاندنی (....) ەوە قسەتان لەگەڵ دەکەین .

+ یەڵلا خێر ! هەر ئەمجارە یەخەتان نەگرتین ، بەڵام هەر باشە کەناڵێکی خۆمانە و دەتوانین لەگەڵتاندا بدوێین

– ئا..ئا.. قوربان هەر خۆمان یەکتری بدوێنین و رەخنەکان بەرەو رووی یەکتری بکەینەوە چاکترە وەك لەوەی کەناڵێکی تر ، زۆر و کەمان بۆ دروست بکات .. ئێستا بفەرموون چ کارێکتان هەیە .

– قوربان .. دەمانەوێت جەنابت بۆ شەوی (./././....) دەربارەی کەموکورییەکانی ئیشو کاری وەزارەتی (......) لەو بەرنامەیەدا بەشداری بکەیت .

+ نا ..نا کاکە ئەوە تۆ ئەڵێی چی ؟ من چەند ساڵە ریشەم دەرهات تاکو ( دوو شەشم) لە دەستی ئەم ئیدارە و حیزبەدا گرت و سودمەندی پارچەیەك زەوی بووم ، ئێستاش تۆش دەتەوێ بۆ ( فویەکی ) جەژنی لە دایك بوونی سەرکەوتنی راپۆرتێکی راگەیاندن و بەرنامەکەی خۆت بەرامبەر بە بەرپرسان بمخەیتە نێو زەڵکاوی گومانەوە وە مۆمێکی کوژاوە تەماشا بکرێم ... هەرچەندە تۆ کورێکی رۆشنبیر و چالاکیت ، بەڵام یاری بە ریشی من مەکە !!

– جا باشە ئێمەی پەیامنێر قوری کوێ بکەین بە سەر خۆماندا و چۆن بەرە و رووی جەماوەر ببینەوە لە رووی دیموکراسییەوە چۆن باس لە کێشەکان بکەین ؟

+ کاکە تۆ باسی دیموکراسی لەگەڵ مندا مەکە .

+ بۆ تاکو ئێستا کەس کۆترێکی لە نێو قەفەسی بیری خۆیدا بۆ ئاشتی و دیموکراسی هەڵداوە ، تاکو من بزنە لاتی خۆم بکەمە سەدەقەی بەرنامەکەی جەنابت.

– ئەی باشە دەسەلاتی چوارەم چ رۆڵێکی دەبێت لە نێو کۆمەڵگادا .

+ بەخوا من وام زانی زۆر وشیاریت ، بەڵام وا دیارە هەموو شتەکانت پێچەوانە وەرگرتووە ..بەینی خۆمان بێت خۆ ئێوەی پەیامنێریش پیاو ناوێرێ بە چپەش قسەتان بۆ بکات یەکسەر بە ریکۆدەرەکەتان تۆماری دەکەن و دوایی بڵاوی دەکەنەوە و سەرمان دەخەنە قورەوە ، بەس ئێستا شتێکت پێ دەڵێم ئەوە تەنها بەینی خۆمان بێت .

– بەڵێ فەرموو

+ ئێوەی رۆشنبیر و پەیامنێران لەنەزەر هەناوی دیموکراسی دەسەلاتی سیاسی عەشیرەتەوە یەك کیلۆمەتر لە دوای چوارەمیشەوەن ، بەڵام من بۆ ئەوە وا نالێم کە تۆ نا ئومێد ببیت ، تۆ دیموکراتیەتت لێ دزراوە هەوڵ بدە بەڵکو خوا بکا لە گیرفانی یەکێك دا بێت و بیدۆزیتەوە ، بەڵام باوەرت بێت لای من نییە کە شتێکیش لای من نەبێت ئیعتراق چیت بۆ بکەم کە بۆ مێژوو لەسەر من ماڵ بێت .

– ئەی کەوا دەزانی قوربان چی وای لێکردوویت کە بە دەروێشی نان پەیدا بکەیت ؟!

+ کورم هەموو شتێك لە پێناو گیرفاندا .

– باشە ئەی هاوار ...ئێمە وتمان گومرك و باجی دەرامەت و مووچەی چەند مانگی کادرانی حزب ... دەچێتە گیرفانەوە ، بەڵام دیموکراسی بۆ ؟!

+ ئاخر دڵ ساڤ تۆ لەوەدایە کە درەنگ حاڵی بویت ، دەبێ تۆ پێش ئەوەی باس لە گومرگ بکەیت دەبێت بە هەموو توانایەکتەوە بەدوای رەگەزنامەی دیموکراسی دەسەڵاتی سیاسیدا بگەرێیت !!

– جا بۆ من لەبەر کێشەکان و کەمووکورییەکانی دەسەڵاتی سیاسی پێم کراوە رەگەزنامەی خۆم بدۆزمەوە تاکو بەدوای ئەودا بگەڕێم !

+ ئا ... جا کێشە لێرەدایە ئێمە هەمووومان لە ئاست راستیەکاندا لە یەکتر وونین، پێویستە یەکتر بدۆزینەوە .. یاخود یەکێك هەمووومان بدۆزێتەوە !!

– قوربان ئەمەی تۆ دەیڵێیت وەك مەتەڵ وایە .

+ ژیان هەمووی مەتەڵە !

– هەر باشە بەس نیە جەنابت کاتی خۆتت کوشت و لوتفت کرد ئەوەندەت قسە لەگەڵ کردین ، پێش جەنابت تەلەفۆنمان بۆ بەپرسێکی تر کرد دەربارەی ئەم بەرنامەیە کەچی یەکسەر تەلەفۆنەکەی لێداخستینەوە .

+ من حەز دەکەم لەو جۆرە کارانە نارەحەت نەبیت ، چونکە ئیحتمالە ئەو برادەرەی کە تەلەفۆنەکەی لێداخستویت خۆی هێشتا لە ژێر تاقیکردنەوەی دەسەڵاتدا بێت و سێبەری دیموکراسی پێ نیشان بدەن !!

+ بەس گرینگ ئەوەیە هەر هەوڵ بدەیت بۆ ئەوەی بە چاوی خۆت کارەکان ببینیت و بەشکو خوا بکات لە قوژبنێکدا دیموکراسیەتت دەستگیربێت !!!

((2))

+ ئەلوو

– ئەم کاتەت باش قوربان

+ هەموو کاتێکتان باش

+ بەڵێ فەرموون

– من (....) پەیامنێری راگەیاندنی (....) لەم رۆژانە دەربارەی کێشەکان هەندێك وتوویژمان کرد و جەنابیشت زۆرت هاندام کە بەردەوام بم ... بەراستی سوپاسی جەنابتان دەکەم و بەڵام بەداخەوە .

+ بۆ خێر بوو ... بۆچی بەداخەوە ؟!

– ئەوەی راستی بێت دوو برادەر بە جورئەتەوە بەشداری بەرنامەکەیان کرد بۆ خستنە رووی تەواوی کێشەکان تەنانەت پەنچەی رەخنەشیان بۆ دەسەڵاتی سیاسی درێژکرد و بەرنامەکە زۆر سەرکەوتوو بوو .

+ ئەی کوا خۆ ئێمە نەمان بینی .

– دەزانم جەنابتان نەتان بینی.. بەس بەداخەوە .

+ بۆ بەداخەوە ؟!

– دەزگاکەی خۆمان دوای تەماشاکردنی بەرنامەکە موافق نەبوون کە بڵاوببێتەوە لەبەر ئەوەی زەرەری بۆ پەزەکانی ناوخۆمان هەبوو .

+ دەست خۆش ! دەست خۆش! بەراستی رۆشنبیرێکی سەرکەوتووی .

– قوربان سەرکەوتوی چی ؟ تۆ پێم رائەبوێری !!

+ نانا .. بە پێچەوانەوە من هەمیشە رێز بۆ خەڵکانی رۆشنبیری وەك ئێوە دادەنێم ، ئومێدەواریشم هەموو کات سەرکەوتووبن ، لێرەدا گرنگ ئەوەیە کە من لە دیداری پێشودا پێم گوتی کە ( دیموکراتیەتت ) لێ دزراوە هەوڵ بدە کە بیدۆزیتەوە ... الحمدالله کە بەسەر مندا ساغ نەبۆتەوە !!

+ خۆ ئێستا تێگەیشتی کە دیموکراسیەت لە گیرفانی بەرێوەبەری دائیرەکەی خۆتاندایە و ، حیزبیش پێی راگەیاندوە کە بیدزێت !!!

– ئەلوو .. ئەلوو .. ئەلوو

– ئەوە نەگبەتیەکی تری وڵاتی ئێمەیە کە بە رەشەبایەك تەواوی هێڵەکانی تەلەفۆنی ناوشار دەپچرێت و خوا دەزانێ کەی چاك دەکرێتەوە !!